وەزارەتی دەرەوەی ئێران: هەڕەشەگرتنی گەمارۆکان لە بەرژەوەندیەکانمان جیا ناکرێتەوە



ئیسماعیل بەقایی، وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران ئەمڕۆ دوشەممە رایگەیاند، هەڕەشەگرتنی گەمارۆکان "لە بەرژەوەندیەکانمان جیا ناکرێتەوە" و دەڵێت، ئێو دەنگیانەی لە بارەی وردەکاری دانوستانەکان لەگەڵ ئەمریکا باودەبنەوە "بێ بنەمان".

ئیسماعیل بەقایی لەو کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا رایگەیاند، "ئاست و بڕی پیتاندن و ژمارەی ئێو سەنتڕفیوژانەی کە خاوەنیان دەبین، بابەتگەلێکن کە هەشتا وردەکاریەکانیان یەکلایی نەکراوەتەوە"

ئاماژەی بەوەشکردوە، "باشترین وەسف بۆ ئێو باسانە کە لە ئێکس و لە میدیاکاندا باوەدەکرێنەوە، گریمانەیەکی بێ بنەما'یە".

بەقایی هۆنیشیکردوە، "لە میدیاکاندا باسی وردەکاریەکان ناکەین؛ ئێو وردەکاریانە لێناو ژووری دانوستاندا باس دەکرێن".

وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران جەختی لەوەکردەوە کە هەڵوێستی وڵاتەکەی تەواو

رونە، "ئەران ئەندامێکی پابەندە لە پەیماننامەی نەهێشتنی چەکی ئەتۆمی و بەرپرسیارێتی و مافەکانی خۆی قبوڵ کردوە".

ئەوەشی وت، "مافی ئێمە بۆپێی مادەی چوارەمی پەیماننامەی بڵاونەکردنەوەی چەکی ئەتۆمی، بەکارهێنانی ئاشتیانەی وزەی ئەتۆمییە، کە پێیتاندن بۆشکۆ لێی".